Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10237

# ڕۆڵی سینتاکسی و سیمانتیکیی ئامرازەکانی بەستنەوە لە ڕستەی سادەدا، لە ڕوانگەی تیۆری ( GB) لە زمانی کوردیدا

**بەژدار سلێمان عبدالمناف، صلاح حەوێز ڕەسول**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی سینتاکسی و سیمانتیکیی ئامرازەکانی بەستنەوە لە ڕستەی سادەدا، بە پێی تیۆری (GB) لە زمانی کوردیدا)یە. ئامرازەکانی بەستنەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە زماندا دەبینن، یەکە زمانییەکانی (وشە، فرێز، ڕستە) بەیەکتر دەبەستنەوە و یەکەی گەورەتر لە خۆیان دروست دەکەن. ئامرازەکانی (پەیوەندی، خستنەسەر) لەڕستەی سادەدا بەکاردێن، ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی دەبینن. ئامرازە پەیوەندییەکانی (بۆ، بە، لە، تا، ... هتد) لەگەڵ (ناو، جێناو، فرێزی ناوی، ... هتد) فرێزی بەند PP پێکدەهێنن، کە لە تیۆری ئێکسباردا ئامرازەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە. فرێزی بەند لە ڕستەی سادەدا ئەرکی ڕێزمانی (تەواوکار، سەربار) دەبینێت، هەروەها جگە لەو ئەرکە سینتاکسییانە ڕۆڵی واتایی (ئامێر، شوێن، ئامانج، سەرچاوە، سودمەند، کات، ڕێرەو، هاوڕێیەتی) دەگەیەنێت. ئامرازە خستنەسەرەکانی (ی، ە) لەگەڵ ناوێک یان فرێزێکی ناوی، فرێزی دیارخەری DP پێکدەهێنن، ئامرازەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، لەڕستەی سادەدا ئەرکی ڕێزمانی (بکەر، بەرکار، تەواوکاری فرێزی بەند) دەبینێت، جگە لەم ئەرکە سینتاکسییانە، ڕۆڵە واتاییەکانی (کارا، کارتێکراو، شوێن، سودمەندی)یش دەگەیەنێت. لە توێژینەوەکەدا چەمک و زاراوە و پێناسەی ئامرازی بەستنەوە خراوەتەڕو، هەروەها پۆلێنکردنی ئامرازەکانی بەستنەوە بەپێی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا خراوەتەڕو و باسی ئامرازەکانی (پەیوەندی، خستنەسەر) کراوە، ئامرازەکانیان لە ڕوی پێکهاتەوە دەست نیشانکراون، جگەلەوە بە کورتی باسی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB، هەندێ لە وەچە تیۆرەکانی کراوە، کە پەیوەندییان بە توێژینەوەکەوە هەیە، هەروەها ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکیی فرێزی بەند و فرێزی خستنەسەری دەست نیشانکراون، هەندێ لە نمونەکانیان بە پێی تیۆری ئێکسبار بە هێڵکاری درەختی شیکراوەنەتەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراوەنەتەڕو، کە پێی گەیشتوین.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ئامرازەکانی بەستنەوە، ئێکسبار، ئێتارۆڵ، سەرچاوە، ڕێرەو، سودمەند

***Corresponding Author***

**bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org**

**salah.hawez@koyauniversity.org**

## پێشەکی:

ئامرازەکانی بەستنەوە کەرەسەی گرنگی زمانین، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێن و کەم ڕستەی زمان هەیە یەکێک لەو ئامرازانە بەشداری لە پێکهاتەکەیدا نەکردبێت. ئەم ئامرازانە لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەکانی زمانی کوردیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، جگە لە بەستنەوەی کەرەسەکانی زمان بە یەکترەوە، ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکیی جۆراوجۆریش دەبینن، لە ڕستەی سادەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە GB هەندێک لایەنی سینتاکسی و سیمانتیکیی ئامرازەکانی بەستنەوە، لە ڕستەی سادەی زمانی کوردیدا دەستنیشان بکەین.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیڕەوکراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە، لە چوارچێوەی "زمانی کوردی . کرمانجیی ناوەڕاست"دایە.

**خستنەڕوی پرسیاری توێژینەوەکە:**

١. ئامرازەکانی بەستنەوە چ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا؟

٢. ئایا بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی بەستنەوە لە ڕستەی سادەدا بۆشایی سینتاکسی واتایی دروست دەکات؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەش و ئەنجام پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسی چەمک و زاراوە و پێناسەی ئامرازی بەستنەوە کراوە، هەروەها ئامرازەکانی بەستنەوە بەپێی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا پۆلێنکراون، باسی ئامرازەکانی (پەیوەندی، خستنەسەر) کراوە و ئامرازەکانیان لە ڕوی پێکهاتنەوە دەست نیشانکراون، جگەلەوە بە کورتی باسی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە GB هەندێ لە وەچە تیۆرەکانی کراوە، کە پەیوەندییان بە توێژینەوەکەوە هەیە. لە بەشی دووەمدا: ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکیی فرێزی بەند و فرێزی خستنەسەری دەست نیشانکراون، هەندێ لە نمونەکانیان بە پێی تیۆری ئێکسبار بە هێڵکاری درەختی شیکراوەتەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەنەتەڕو.

**١.١ چەمک و زاراوە و پێناسەی بەستنەوە Conjunction:**

چەمکی بەستنەوە:

چەمکی بەستنەوە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، بە واتای بەستنەوە و گرێدانی شتێک بە شتێکی تر بەکارهاتووە، وەک بەستنەوە و گرێدانی گیاندارێک بەپەت. لە بواری زمانەوانیشدا، بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە، لە هەردو ئاستی وشەسازی(مۆرفۆلۆژی)و ڕستەسازی(سینتاکس) بەکاردێت، بۆ بەستنەوە و لێکدانی دو یەکەی زمانی یان زیاتر، بۆ پێکهێنانی یەکەی زمانی گەورەتر لە خۆیان، (( بەستنەوە، ئەو ئامرازەیە، کە دو بەشی ئاخاوتن یان زیاتر لە ستراکتورێکی ڕێکدا پێکەوە دەبەستێ. )) ( میراودەلی، ٢٠٠٧: ٣٢ ) ئامرازەکانی بەستنەوە، لە ڕوی پێکهاتنەوە خاوەن پێکهاتە و فۆرمی سەربەخۆن، بەڵام لە ڕوی واتاوە، بە یەکێک لە بەشەئاخاوتنە بێ واتاکانی زمانی کوردی دادەنرێن، بە تەنها وشەی واتادار و سەربەخۆ نین، بەڵکو بە وشەی ناتەواو یان خزمەتکار ( وشەی سینتاکسی syntactic word ) ناسراون، کە (( ناتوانن وەک ئەندامێکی سەربەخۆی ڕستە خۆیان بنوێنن، دەوریان لەیەک بەستنی بەشەکانی ڕستەیە. )) ( محەمەد، ١٩٩٣: ٤٠ ) لە پێکهاتەی ڕستەدا یارمەتی وشە تەواوەکان دەدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی سینتاکسی و سیمانتیکی، لە نێوانیان و بەستنەوەیان بەیەکتریەوە. کەواتە ئامرازەکانی بەستنەوە، هەرچەندە بە تەنها یەکەی واتادار و سەربەخۆی زمان نین، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێکهێنانی یەکە زمانییە جۆراو جۆرەکانی، وەک ( وشەی ناسادە، فرێز، ڕستەی سادە و ناسادە )دا. بەم شێوەیە لە هەردوو ئاستی وشەسازی وەکو کەرەسەیەکی وشە دارێژ، لە ئاستی ڕستەسازیشدا لە پێکهاتنی فرێز و ڕستەدا بەشداری دەکات و کەرەسەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە.

زاراوەی بەستنەوە:

زاراوەی بەستنەوە، بە ئینگلیزی (conjunction)ە، کە لەدو وشە پێکهاتووە، (con) کە وشەیەکی لاتینییە بە مانای (لەگەڵ) دێت، (junction) بە مانای (پێکەوە بەستن، بەیەکگەیاندن) دێت، هەردو وشەکەش بە یەکەوە مانای (پێکەوەبەستن لەگەڵ) دەبەخشن. بەعەرەبی (عطف . حروف العطف)، بەفارسی (حرف ربط)ە. لە زمانی کوردیدا، زمانناسان و نوسەران چەندین زاراوەیان بۆ بەکارهێناوە، وەک ( عطف، لێکدەر، یەکخەر، پەڤگرێک، پێبەست، پێوەند، تیپی پێوەند، بەستنەوە ) ( کۆڕی زانیاریی کوردی، ٢٠١٨: ٢٥٧ ) بەڵام ئێمە زاراوەی (ئامرازی بەستنەوە) لە هەموو زاراوەکانی تر بە گونجاوتر دەزانین و بەکاری دەهێنین، چونکە ئەم ئامرازانە لە پیکهاتەی ڕستەی سادەدا ئەرکی سەرەکییان بەستنەوەی کەرەسەکانە بە یەکترەوە.

**پێناسەی بەستنەوە:**

بەستنەوە یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی زمان، لە هەمو زمانەکاندا بوونی هەیە، کە بەشداری پێکهێنانی یەکەی زمانی گەورەتر لە خۆی دەکات. زمانەوانەکان وەک هەمو بوارەکانی تری زمان گرنگییەکی زۆریان پێداوە و هەر زمانەوانێک لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە پێناسەی ئامرازی بەستنەوەی کردووە، هەر چەندە زمانەوانەکان گەلێک پێناسەی جیاوازیان بۆ ئامرازی بەستنەوە کردووە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیە تەنها ئاماژە بەو پێناسەیە دەکەین، کە ڕەفیق شوانی بۆ ئامرازی بە ستنەوەی کردووە، دەڵێت: ((ئامرازی بەستنەوە، لە ڕیزی بەشە بێ واتاکانی ئاخاوتن دادەنرێت و چۆنیەتی لێکدانی بەش و جۆرەکانی ڕستە بە مەبەستی جیاجیا بە یەکترەوە دەبەستنەوەو لە ڕوی بونەوە سەربەخۆ ناسەربەخۆن. )) ( شوانی، ١٩٩٧: ٣٥ ) کەواتە ئامرازی بەستنەوە، ئەو ئامرازانەی کە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆیان هەیە، دەچنە ڕیزی بەشە ئاخاوتنە بێ واتاکانی زمان، هەر چەندە لە ڕوی فۆرم و پێکهاتنەوە سەربەخۆن، کەچی لە ڕوی واتاوە هەندێکیان بێ واتان و بەتەنها بەکارنایەن، بەڵام لە هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا، کە دەچنە پاڵ یەکە زمانییە جۆراوجۆرەکان واتاو ئەرک وەردەگرن و یەکەی گەورەتر لە خۆیان پێکدەهێنن، وشەو فرێزو ڕستەو بەشەکانی ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە.

### ٢.١ پۆلێنکردنی ئامرازەکانی بەستنەوە:

زمانەوانە کوردەکان ئامرازەکانی بەستنەوەیان لە یەکتر جیاکردۆتەوە، هەندێکیان بەپێی بەشداریکردنیان لە ئاستی وشەسازی یان ڕستەسازی لە یەک جیاکردونەتەوە، هەندێکیشیان لەسەر بنەمای بەشداریکردن لە پێکهاتەی جۆری ڕستەکان ئامرازەکانیان لە یەک جیاکردۆتەوە. هەروەها پێیان وایە دیاردەی بەستانەوە لە بواری وشەو ڕستەدا بریتییە لە پێکهاتن و داڕشتنی وشەو ڕستە. بەڵام ئێمە ئامرازەکانی بەستنەوەی زمانی کوردیمان، لەسەر بنەمای بەشداریکردن لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا پۆلێن کردون، بەسەر دو کۆمەڵەمان دابەشکردون ئەوانیش ( ئەو ئامرازانە کە لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ ئەو ئامرازانەی کە لە پێکهاتەی ڕستەی ناسادەدا بەکاردێن ) بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سنوری باسەکە دەرنەچین تەنها باسی ئەو ئامرازانە دەکەین، کە لە ڕستەی سادەدا ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی دەبینن، ئەوانیش بریتین لە : أ. ئامرازی پەیوەندی/ پێشبەند preposition:

بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، بە تەنها بەکارنایەت، بەڵکو لە داڕشتنی فرێزو ڕستەدا ڕۆڵ دەبینێت و بەشە بنجییەکانی ڕستەی سادە بەیەکەوە دەبەستێ، لە کاتی بەشداری کردن لە پێکهاتەی ڕستەدا، واتا بۆ خۆیان و بۆ ڕستەکانیش دروست دەکەن. پێشبەندەکان مۆرفێمی خزمەتگوزارن، کە واتایەکی تایبەتی گراماتیکی (ڕێزمانی) دروستدەکەن و قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە لە ڕستەدا، ئەرک و دەوریان هەیە لە پێکەوەبەستنی ناو بەشەکانی تری ڕستەدا، لە ڕوی واتاو مەبەست و ڕونکردنەوە. (( بۆیە وەک مۆرفێمێکی ڕێزمانی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەستنەوەی بەشەکانی ڕستە و پێوەندی ناوەکی دروست دەکەن. )) ( برزو، ٢٠٢٠: ٥٣ ) ئامرازەکانی پەیوەندی بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی تری هەمان ڕستە، هەمیشە دەکەونە پێش یەکێک لەم بەشەئاخاوتنانە ( ناو، جێناو، چاوگ، ناوی کات/ شوێن ، ژمارە ). ئامرازەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەم کەرەسانە فرێزی بەند (pp) دروستدەکەن، کە (( ئامرازی پەیوەندی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی فرێزی بەند و دەبێتە سەرەی فرێزەکەش. )) ( مستەفا، ٢٠١٤: ٢٧ ) ئەوەی ئەم فرێزە لە جۆرەکانی تری فرێز جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە فرێزی بەند سەرەکەی ئامرازێکی پەیوەندییە. جگە لەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی دەبنە سەرەی فرێزی بەند و کەرەسەکانی تر دەبنە دیارخەر (تەواوکار)، هەر ئامرازەکەش بڕیار دەدات، کە چ جۆرە دیارخەرێک لە ڕۆنانی فرێزەکەدا هەبێت. ( فەرهادی، ٢٠١٣: ٢٠ ) فرێزی بەند لە ڕوی پێکهاتەوە فرێزێکی ناسادەیە، چونکە لە کەرەسەیەک زیاتر بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکات و سەرەی فرێزەکەش یەکێکە لە پێشبەندەکان (p)، کە بەتەنها بەکارنایەت، بەڵکو هەمیشە کەرەسەیەکی تر لەگەڵدا دێت. ئامرازە پەیوەندییەکان لە زمانی کوردی و هەمو زمانەکانی تردا گروپێکی بچوک و داخراوی سینتاکسییان پێکهێناوە، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی ئەم گروپە یاخود پۆلە سینتاکسییەکەیان دیاریکراو و سنوردارە، کەم و زیاد ناکەن و ئەندامی نوێ بە ئاسانی وەرناگرن. ئەم ئامرازانە لە ڕۆنانی ڕستەی سادەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن و بەشەکانی ڕستەکە بە یەکەوە دەبەستنەوە و پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەکات. ئامرازە پەیوەندییەکان لە ڕوی فۆرم و پێکهاتنەوە، لە زمانی کوردیدا، دەکرێن بە دو جۆر/ کۆمەڵە، بەم شێوەیە:

١. ئامرازە پەیوەندییە سادەکان (پێشبەندە سادەکان):

بریتییە لەو ئامرازانەی کە لە ڕوی پێکهاتنەوە، فۆرمێکی سادە و سەربەخۆیان هەیە، هەندێ لە زمانەوانەکان زاراوەکانی (پێشناوی ڕاستەقینە، ڕەسەن، سەرەکی) بۆ بەکارهێناوە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کە لە ناو فەرهەنگدا ئاماژەیان پێکراوە (( ئەو پێشناوانەن، کە سەربەخۆ لە ناو فەرهەنگدا تۆمارکراون و نوسراونەتەوە و وەک خۆیان دەهێنرێنە ناو ئاستی بنەڕەت و قوڵی ڕستەوە. )) ( مەحوی، ٢٠٠١: ٥٦ ) ئامرازەکانیش بریتین لە؛ (لە، بۆ، بە، بێ، ە، وەک، تا)، لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا بەکاردێن، هەمیشە لە پێش (ناو، جێناو، ناوئاسا، ...) دێن و فرێزێکی بەند پێکدێنن. بۆ نمونە:

بارین لە قوتابخانە هاتەوە.

ئەحمەد بۆ زانکۆ دەچێت.

باوکم بە تۆ سەربەرزە.

یارییەکە بێ مەریوان ناکرێت.

ئیلیا وەک ژێلیا دەم بەخەندەیە.

ئەوان تا زانکۆ دەڕۆن.

منداڵەکە کەوتە ڕوبارەکە.

ئامرازی پەیوەندی (ە)، یەکێکە لە ئامرازە سادەکانی زمانی کوردی، کە بە شێوەیەکی ناسەربەخۆ لە ناو ڕستەی سادەدا بەکاردێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازە سیمایەکی لکاوی هەیە و هەمیشە بە کۆتایی کارەکەوە دەلکێت، ئەرکەکانی خۆی وەکو ئامرازی پەیوەندی دەبینێ، هەروەها جگە لەوەی وەکو ئامرازی پەیوەندی ئەرکی خۆ دەبینیت، لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا دەتوانێت لە شوێنی ئامرازەکانی (بۆ، بە، لە) دەربکەوێت شوێنیان پڕبکاتەوە. بۆ نمونە:

من هاتم بۆ کۆیە. — من هاتمە کۆیە.

بەختیار بوو بە باوک. — بەختیار بووە باوک.

بارزان تۆپە بەفرەکەی لە من گرت. — بارزان تۆپە بەفرەکەی گرتە من.

ئامرازەکانی ( لە، بۆ، بە، ە ) هەندێجار لە ناو ڕستەدا، پاشبەندی (ەوە/ وە، دا، ڕا) وەردەگرن، کە بە کۆتایی تەواوکاری فرێزە بەندەکەوە دەلکێن و یارمەتی ئامرازە پەیوەندییەکە دەدەن بۆ تەواوکردنی ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکییەکەی، کۆتایی فرێزە بەندەکە دادەخەن. ئەم پاشبەندانە (Postposition) زیاتر بۆ تەئکیدکردنەوە و ڕونکردنەوەی واتای پێشبەندەکان بەکاردێن، دۆخی شوێن، کات، ڕێڕە و ئاراستە ... پیشاندەدەن، بەم شێوەیە:

لە سۆرانەوە دەچم بۆ کۆیە. [ لە ... ەوە ]

ترێ لە پایزدا پێدەگات. [ لە ... دا ]

منداڵەکە بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ. [ بۆ ... ەوە ]

پێنوسەکەم خستە گیرفانمەوە. [ ە ... ەوە ]

٢. ئامرازە پەیوەندییە لێکدراوەکان (پێشبەندە لێکدراوەکان):

ئامرازی پەیوەندی لە زمانی کوردیدا، لە ڕوی پێکهاتنەوە بەزۆری خاوەن فۆڕمێکی سادەن، بەڵام هەندێجار لە ناو ڕستە یان لە کاتی ئاخاوتندا، دو ئامرازی سادە بە یەکەوە دێن و فۆڕمێکی ناسادە یان لێکدراو پێکدێنن، کە یاسای دروست بونەکەی بەم شێوەیەیە، [ ئا. پ. سادە + ئا. پ. سادە = ئا. پ. لێکدراو ] لە زمانی کوردی دو ئامرازی لەم شێوەیەمان هەنە، کە بریتین لە (بەبێ، لەبۆ)، (( ئەم ئامرازانە لە گروپی لێکدراوەکانن، کە لە ئەنجامی لەیەکدانی دو ئامرازی بنجی (سادە) وە پێکدێت، بۆ مەبەستی زیادکردنی هێز و تەئکید لە ڕستەدا. )) ( محەمەد، ١٩٩٣: ٥٠ ) ئەم ئامرازە لێکدراوانەش هەمان ئەرک و ڕۆڵی ئامرازە سادەکان دەبینن لە ڕستەدا. بۆ نمونە:

من بەبێ تۆ ناژیم.

پێشمەرگە لەبۆ پاراستنی نیشتیمان گیانی خۆی فیدا دەکات.

سەبارەت بە ئامرازی (لەگەڵ)، کە هەندێ لە زمانەوانەکان بە ئامرازی پەیوەندی دادەنێن و هەندێکیشیان بە ئامراز ئەژماری ناکەن و پێیان وایە، کە ئاوەڵفرمانە. ڕەفیق شوانی لە پەرتوکی (وشەسازی زمانی کوردی) پێی وایە (لەگەڵ) ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئاوەڵفرمانە، بەڵام ئێمە پێمان وایە (لەگەڵ) ئامرازی پەیوەندی ناسادەیە، لە (ئا. پ. لە + گەڵ) پێکهاتووە، دەتوانێت لەگەڵ ناوێک یان جێناوێکی کەسی فرێزێکی بەند دروست بکات و ببێتە سەرەی فرێزەکە، هەروەها لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، دەتوانێت ئەرکی (تەواوکار، سەربار) ببینێت. بۆ نمونە:

من لەگەڵ زیرەک/ ئەو بوم. (تەواوکار)

من لەگەڵ زیرەک/ ئەو دەچمە هەولێر. (سەربار)

ب. ئامرازی خستنەسەر/ دانەپاڵ (مۆرفێمی خستنەپاڵ):

ئامرازەکانی خستنەسەر، وەکو کەرەسەیەکی سینتاکسی، لە ڕۆنانی فرێزی ناوی فراوانکراو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەوەی کەرەسەی دیارخەر بە دیارخراو (ناو) دەبەستێتەوە، پەیوەندی ڕێزمانی و واتایی لە نێوانیاندا دروستدەکات. (( بەو نیشانەیە دەوترێ، کە دیارخەر و دیارخراو بە یەکەوە دەبەستێت و پێوەندی وەسفی و خاوەنێتی و چۆنیەتی ... نێوانیان نیشاندەدا. )) ( حاجی مارف، ١٩٧٩: ٣٢٦ ) لە پێکهاتەی فرێزی ناوی (NP)دا، ناوێک دەبێتە (سەرە – Head)، کە (( لە هەمو فرێزێکدا بونی هەیە، سەرە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت و دەسەڵاتی بەسەریانەوە هەیە. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ٣١ ) ئەم سەرەیە لە زمانی کوردیدا فراوان دەکرێت، بە کەرەسەی تر، کەرەسە فراوانکەرەکان دەبنە (دیارخەر - Determine)ی سەرە. دەرخەرەکان لە پێش و پاشی سەرەدا بەشداری لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا دەکەن. ئەو کەرەسانەی لە پێشەوە فرێزی ناوی فراوان دەکەن (( بە بێ مۆرفێمی خستنەسەر پەیوەندییان بە (سەرە)ی گرێکەوە دەبێت و فراوانی دەکەن. )) ( رسول، ٢٠٠٦: ٤٥ ) بەڵام کەرەسەکانی تر، کە لە دواوە بەشداری دەکەن، لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا، بە هۆی ئامرازی خستنەسەرەوە بە سەرە (دیارخراوە)وە دەلکێن و ، ئەرکی دیارخەری دوای سەرە دەبینن. دیاردەی خستنەپاڵ ( Genetive) لە زماندا، (( کردەیەکی ڕێزمانییە، ئەم کردەیە هەردوو ئاستی (سینتاکس و مۆرفۆلۆژی) دەگرێتەوە، لەهەر ئاستێکیاندا تایبەتمەندی خۆی هەیەو دیاردەی جیاوازن، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بە (خستنەتەک) دادەنرێ، لە فۆڕمی لێکدان خۆی دەبینێتەوە و ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان. )) ( مستەفا، ٢٠١٩: ٧٩ ) بەڵام دیاردەی خستنەپاڵ لە ئاستی سینتاکسدا، (( بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەکی (دەرخراو)ی فرێزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکە و بە دۆخێکی ڕێزمانی دادەنرێت. )) ( Crystal, 1992: 153 ) ئامرازەکانی خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا، بریتین لە ئامرازەکانی (- ی، - ە) ئەم ئامرازانە بەتەنها بەکارناهێنرێن، بەڵکو لە پێکهاتەی فرێزی ناویدا، چەمکی خستنەپاڵ (ئیزافە) دەگەیەنن و (( هەمیشە بە دیارخراوەوە دەلکێن. )) ( حاجی مارف، ١٩٧٩: ٣٢٦ ) ئەم ئامرازانە بەکارهێنانی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەگەڵ کەرەسەی جیاوازدا بەکاردێن، بۆ بەستنەوە و دروستکردنی پێوەندی نێوان دیارخەر و دیارخراو، لە ناو فرێزی ناویدا، ، هەر یەکێک لەو ئامرازانە ڕۆڵی ڕێپێدان و هاتنە ناوەوەی کەرەسەی تر ڕێکدەخەن بۆ ناو پێکهاتەی فرێزەکە. ئەم ئامرازانە لە ڕوی چالاکی و بەکارهێنانەوە لە یەکتری جیاوازن، ئامرازی (- ی)ی خستنەسەر لە ئامرازی (- ە)چالاکترە. ئەم چالاکییەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (( /- ی/ی خستنەپاڵ، لە خستنەپاڵی دەرخراو و دەرخەر لە چوارچێوەی فرێزدا مۆرفیمێکی

بەرهەمدار و چالاکە و دەتوانێت کەتیگۆرییەکانی: (ناو، جێناو، ئاوەڵکار، ڕستەی شوێنکەوتوو، ...) بخاتە پاڵ دەرخراوەکەی و وەک کەرەسەیەکی ڕێزمانی گۆکردنێکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە. )) ( مستەفا، ٢٠١٩: ٨٠ ) یەکێکیش لە تایبەتییەکانی ئەم ئامرازە ئەوەیە، کە ئەرکی خاوەنداری دەبینێت لە فرێزەکەدا، (( مۆرفێمی خاوەندارێتیی /- ی/ پەیوەندییەکی خاوەندارێتی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی (خستنەپاڵ Genetive ) لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناوی دەدات. )) ( مەحوی، ٢٠٠١: ٥٣ ) سەبارەت بە شوێنی هاتنی ئامرازەکانی خستنەسەر، ئەوا هەمیشە دەکەونە نێوان دیارخەر و دیارخراو، هەمیشە بە کۆتایی ناوە دیارخراوەکە دەلکێن، بەڵام ئەگەر مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی (ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ) لە پێکهاتەی فرێزەکەدا هەبن، ئەوا دەچنە نێوان ناوەکە و ئامرازی (. ی) ی خستنەسەر، بەڵام ئەگەر ئامرازی خستنەسەرەکە (. ە) بو، ئەوا مۆرفێمە ڕێزمانییەکان بە کۆتایی کەرەسە دیارخەرەکەوە دەلکێن. بۆ نمونە:

گوڵی جوان ← (NP) : گوڵ (دیارخراو) + ی + جوان (دیارخەر)
گوڵێکی جوان ← (NP) : گوڵ (دیارخراو) + ێک + ی + جوان (دیارخەر)
گوڵە جوانەکە ← (NP) : گوڵ (دیارخراو) + ە + جوان (دیارخەر) + ەکە
گوڵە جوانەکان ← (NP) : گوڵ ( دیارخراو ) + ە + جوان (دیارخەر) + ەک + ان

## تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە Governt and Binding theory _ GB:

تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە GB، تیۆرێک (مۆدێلێک)ی نوێیە لە بواری زمانەوانیدا، کە هەوڵێکە یاخود ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ڕێزمانێکی سەراپایی (ڕێزمانی جیهانی/گشتی _ Universal Grammar)، کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی هەمو زمانەکان لە خۆبگرێت، (( ئامانج و مەبەستی زمانەوانی نوێ ڕێزمانی گشتییە، واتە دارشتنی ڕێزمانێک، کە ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە بکات، کە لە هەمو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن، یاخود دیارخەری پێکهاتەی زمانی بێ لە چەمکە گشتییەکەیدا، نەک تایبەت بێ بە پێکهاتەی زمانێکی تایبەت. )) ( محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٣ ) تیۆری GB، کە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێزمانێکی جیهانی، بەرهەمی هەوڵدانی (نوام چۆمسکی)یە، کە لە ساڵی (١٩٨١)دا، لە کتێبی (چەند وانەیەک لەبارەی دەسەڵات و بەستنەوە _ Lectures on Government and Binding)دا خراوەتە ڕو، کە بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە یان GB ناسراوە. تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە پێی وایە، کە بەشێکی زۆر لە ڕێزمانی هەر زمانێک دیاریکراو و هاوبەشە بۆ هەمو زمانەکان، لەبەر ئەوە دەبێتە بەشێک لە ڕێزمانی جیهانی، هەروەها تیۆری GB ڕێزمانی جیهانی دابەش دەکات بۆ دو پێکهاتەی سەرەکی، کە بریتین لە:

ئاستەکانی نواندن (Levels of representation) و سیستەمی سنورداركردن (system of constraint). ( Black, 1998: 2 ) چۆمسکی لە ساڵی (١٩٨٢)دا، تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دابەشدەکات بۆ چەند وەچە تیۆرێک یاخود مۆدیولەرێک (Moduler). بەم شێوەیە:

### ١.تیۆری ئێکسباڕ X-bar Theory :

(( تیۆری ئێکسباڕ، یان سیستەمی ئێکسباڕ، سیستەمێکی ڕێزمانییە لەمیانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەی کرد، وەکو شوێنگری لێکدانەوە کۆنەکانی پێکهاتەی فرێز هاتە کایەوە. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ٢٩ ) واتە تیۆری ئێکسباڕ بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە هاتە کایەوە، کە پێشتر لە یاساکانی فرێز پێکهێنان و ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەبون. وەچە تیۆری ئێکسباڕ X-bar لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GBدا، هەوڵدەدا لە جیاتی هەبونی چەند یاسایەکی جیاوازی فرێز پێکهێنان تەنها یەک یاسای گشتی هەبێ بۆ ڕۆنانی فرێز لە هەمو زمانە مرۆڤایەتییەکان. واتە چۆمسکی لە X-barدا، هەوڵدەدات یاساکانی فرێزە جیاوازەکان بگۆڕێ بۆ بنەمایەکی گشتگیر. بەم شێوەیە تیۆری X-bar لە بری ئەوەی کە بۆ هەر فرێزێک یاسایەک یان چەند یاسایەکی جیاواز دابرێژێت، ئەوا بۆ هەمو فرێزەکان یەک یاسای گشتی دادەرێژێت. ئەم تیۆرە پەیوەستە بە ڕۆنانی ئاستی ناوەوەی ڕستە، بە تیۆرێکی بنەڕەتی دادەنرێ، بۆ دیاریکردنی سیماکانی ڕۆنانی فرێز لە زمانە سروشتییەکاندا. ( Kornal, Pullum, 1990: 25 ) هەروەها لەم تیۆرەدا زۆر گرنگی بە سەرەی فرێز (head phrase) دراوە، کە گرنگترین بەشی فرێزەکەیە. سەرە دەبێتە ناونیشانی فرێزەکە، واتە سەرەی فرێزەکە لە هەمان جۆری کاتیگۆری فرێزەکە دەبێت، بۆ نمونە لە فرێزی ناوی NP دا، دەبێ سەرەی فرێزەکە ناو N بێت، لە فرێزی کار (VP)یدا، دەبێ سەرەی فرێزەکە کار V بێت، لە فرێزی بەند PPدا، سەرەی فرێزەکە پێشبەند (P)یە.

. کتێبێکم بۆ بکڕە. ← (NP) ← سەرەی فرێزەکە (N)
. هیوا یاری دەکات. ← (VP) ← سەرەی فرێزەکە (V)
. لە یاریگادا یاری بکە. ← (PP) ← سەرەی فرێزەکە (P)

### ٢. تیۆری ثێتا / ڕۆڵی بابەتانە Theta Role (θ) Theory:

تیۆری ثێتا یەکێکە لە وەچە تیۆرەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، (( کە گرنگی دەدات بەپێدانی ڕۆڵی ثێتا (سیمانتیک thematic roles – ) لە لایەن کردارەوە بە ئارگۆمێنتەکانی. )) ( قادر، ٢٠١١: ٥٣ ) واتە تیۆری ثێتا پەیوەندی واتایی نێوان کردارو ئارگۆمێنتەکانی کردار دیاری دەکات و ڕۆڵیان پێدەدات. یاخود بە واتایەکی تر (( تیۆری (theta) لە GBدا مۆدەڵێکە

مامەڵە لەگەڵ داواکاریبە گونجاوەکانی کرداردا دەکات و کۆمەڵێ ڕۆڵی تایبەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە سنوری کرداردا. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ١٠٦ ) بە پێی پێوەری ثێتا ( θ - theta criterion)، کە ئەرکی دیاریکردنی پرۆسەی ڕۆڵەکانی ثێتایە، واتە پێدانی ڕۆڵی واتاییە بە ئارگۆمێنتەکان. سەبارەت بە پێدانی ڕۆڵ بە ئارگومێنتەکان، چۆمسکی دەڵێ: (( هەر ئارگومێنتێک دەشێ یەک و تەنیا یەک ثێتا ڕۆڵ وەربگرێت و هەر ثێتا ڕۆڵێکیش بە یەک و تەنیا یەک ئارگۆمێنت دەدرێت. )) ( Chomsky, 1981: 36 ) کەواتە بە پێی ئەم تیۆرە، هەر ئارگۆمێنتەکی دیاریکراو لە ڕستەدا، ناتوانێت لە یەک ڕۆڵ زیاتر وەربگرێت، لە هەمان کاتدا ناکرێ ئارگۆمێنتەکان هیچ ڕۆڵێک وەرنەگرن لە پێکهاتەی ڕستەدا. لەبەر ئەوەی بە پێی بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ (full interpretation) دەبێت هەر ڕەگەزێکی دەرکەوتو لە ڕستەدا، لێکدانەوەیەکی هەبێت، واتە نابێت لە ڕستەدا ڕەگەزێک دەربکەوێ، کە پێویست نەبێت، لەبەرئەوەی ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی نادروست یاخود نارێزمانی.

### ٣. تیۆری دەسەڵات/ حوکمکەر Government Theory:

تیۆری دەسەڵات، یەکێکە لە وەچە تیۆرە سەرەکییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، کە چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە تا ئەو ڕادەیەی بۆتە بەشێک لە ناونیشانی تیۆرەکە. ئەم تیۆرە کەرەسەی بەدەسەڵات (حوکمکەر) لە پێکهاتەی فرێزو ڕستەدا دەستنیشان دەکات. لە تیۆری دەسەڵات ڕۆڵی کەرەسەی بە دەسەڵات تەنها بەو کەرەسانە دەدات کە دەبنە سەرە (head)ی فرێزەکان، واتە (( چەمکی بنەمای تیۆری دەسەڵات، بریتییە لە پەیوەندی نێوان سەرەی ڕۆنانێک و کەتیگۆرییە شوێنکەوتووەکانی. )) ( ڕەسووڵ، ٢٠١٤: ٥٤ ) چۆمسکی لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، ئەو کاتیگۆرییە فەرهەنگیانە دەستنیشان دەکات، کە دەبنە کەرەسەی بە دەسەڵات (حوکمکەر) لە پێکهاتەی فرێزدا، کە بریتین لە: (ناوN، کارV، ئاوەڵناوAdj، پێشناو/ئامرازی پەیوەندیP) ( Chomsky, 1986 a: 171 ) کەواتە بە پێی ئەم بنەمایە تەنها سەرەی فرێزەکان دەتوانن ببن بە کەرەسەی بە دەسەڵات و حوکمی کەرەسە شوێنکەوتووەکانی سەرەی فرێزەکە بکەن. بۆ نمونە:

من بۆ زانکۆ دەڕۆم.

لە فرێزی بەند (بۆ زانکۆ)دا، ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دەسەڵاتی بەسە تەواوکەرەکە (زانکۆ) یدا دەشکێت و حوکمی دەکات.

### ٤. تیۆری بەستنەوە Binding Theory:

تیۆری بەستنەوە، یەکێکیترە لە وەچە تیۆرەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. بە نیوەی دووەمی تیۆری GB دادەنرێ، کە نیوەی یەکەم (تیۆری دەسەڵات)ە. ئەم تیۆرە (( بەشێوەیەکی گشتی لە دابەشبونی فرێزەکانی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شوێنانە دیاریدەکات، کە تیایدا فرێزێک لەگەڵ فرێزێکی تر هاونیشانە (co-referential) دەبێت. واتە خۆی بە دیاریدەی هاوئاماژەیی و هاونیشانەکانی نێوان فرێزەکانی ناو ڕستە خەریک دەکات. )) ( مەعروف، ٢٠٠٩: ١٩ . ٢٠ ) تیۆری بەستنەوە لە چوارچێوەی GBدا مامەڵە لەگەڵ زۆرترین دیاریدەی هاوئاماژەیی فرێزە ناوی NPیەکان دەکات، لەوانەش کاتیگۆرییە بەتاڵەکانی (empty category). واتە ئەم تیۆرە، گرنگی بە پەیوەندی هاوئاماژەیی نێوان فرێزە ناوییەکان و کاتیگۆرییە بەتاڵەکانی ناو ڕستە دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە.

### ٥. تیۆری دۆخ Case Theory:

تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، وەکو کاتیگۆرییەکی گراماتیکی (ڕێزمانی)ی ئەبستراکت گرنگی دەدات بە پێدانی دۆخ بە فرێزی ناویی (NP)، کە لە ئاستی دەرەوەی پێکهاتەی ڕستەدا کاردەکات. چەمکی دۆخ مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لە کۆنەوە زمانەوانەکان گرنگییان پێداوەو لێیان کۆڵیوەتەوە، لە سەرەتاکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا (( دۆخ پەیوەست بو بە پەیوەندی لەنێوان ڕۆنانی مۆرفۆلۆژیی وشەکان و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ناو ڕستە، هەروەکو لە زمانەکانی لاتینی، ئەڵمانی، ڕوسی، ئوردویی، ... هتد، هەروەها لە دیالێکتی کرمانجی ژورو و شێوەزاری هەورامیی زمانی کوردیدا هەیە، ئەمجۆرە دۆخە (دۆخی مۆرفۆلۆژی) زیادەیەکە لە کۆتایی فرێزە ناوییەکان دەردەکەوێت. )) ( ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ١١٨ ) واتە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان (کۆن)دا زیادەیەک یاخود مۆرفیمەکی بەند بەشێوەیەکی فۆنەتیکی بە کۆتایی وشەکان یان فرێزە ناوییەکان دەلکا، دۆخی ڕێزمانی بە وشەکان یان فرێزە ناوییەکان دەدا لە ڕستەدا. ئەو مۆرفێمە بەندانە، کە دۆخی ڕیزمانی بە وشەو فرێزە ناوییەکان دەبەخشن لە هەمو زمانێکدا نینە و بەدەر ناکەون، تەنها لە ژمارەیەکی کەمی زمانانی جیهان بەدی دەکرێن. بەڵام تیۆری دۆخ لەلایەن چۆمسکییەوە بە تێڕوانینێکی نوێوە دەرکەوت، لە تیۆری GBدا، کە جیاوازی هەبو لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی کۆنی دۆخ. دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا (( تەنها پەیوەندی بەو زیادەوە یاخود مۆرفێمە بەندانەوە نییە، کە چونەتە کۆتایی وشەکانەوە لە هەندێ زماندا، بەڵکو دۆخ لە هەمو زمانێکدا هەیە، جا چ لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە دیار بێت، یان نادیار (ئەبستراکت) بێ. )) ( قادر، ٢٠١١: ٤١ ) کەواتە مەرج نییە هەمو کات دۆخ بە شێوەیەکی دیار دەربکەوێت لەگەڵ فرێزە ناوییەکاندا. بەڵکو هەمو فرێزێکی ناوی، کە بە شێوەی فۆنەتیکی لە ڕۆنانی سەرەوە بەدەردەکەون دەبێ

دۆخیان هەبێ، جا دۆخەکە دۆخی مۆرفۆلۆژی (دیار)، یان ئەبستراکت (نادیار) بێت. ( Chomsky, 1986 a: 6 ) سەبارەت بە پێدانی دۆخ (case assigner)ی ڕێزمانی، لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا، هەر ناوێک یان فرێزێکی ناوی دەرکەوتوو دەبێ دۆخێکی ڕێزمانی وەربگرێت، ئەگینا ڕۆنانی ڕستە دەبێتە نارێزمانی. چۆسکی پێی وایە، کە بنەمای پێدانی دۆخ پەیوەندی بە پێکهاتەی سەرەی (Head) فرێزەکانەوە هەیە، واتە (( بە پێی تیۆری دۆخ، تەنیا سەرەکان دۆخ دەبەخشن بە فرێزە ناوییەکان. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ٨١ )

هەر یەکە لەو وەچە تیۆرانەی سەرەوە، لەوانەیە لە یەک یان زیاتر لە ئاستەکانی نوێنەرایەتیدا لە کاردابن، ئەم وەچە تیۆرانە (( تێکەڵ بەیەک دەبن، بۆ ئەوەی ڕێ بە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانیی بدرێت. )) ( قادر، ٢٠١١: ١٧ )


## ڕۆڵە سینتاکسی و سیمانتیکییەکانی ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەی سادەدا:

ئامرازی پەیوەندی یەکێکە لە بەشەئاخاوتنە سەربەخۆکانی زمان، کە وەکو یەکەیێکی زمانی، لە ڕێزمانی هەموو زمانێکدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە و بەشداری لە پێکهاتەی زمانەکاندا دەکەن، لە ئاستی ڕستەسازیدا ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی جۆراوجۆر دەبینن، زمانی کوردی بە هەمان شێوەی زمانەکانی تری جیهان لەم یەکە زمانییە گرنگە بێ بەش نەبووە، چونکە ئەم ئامرازانە لە ڕێزمانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەشداری لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەکانیدا دەکات و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێن، بۆیە لە زمانی کوردیدا کەم ڕستە دەبینین، یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی بەشداری لە پێکهاتەکەیدا نەکردبێت. ئامرازە پەیوەنییەکانی زمانی کوردی، لە ئاستی ڕستەسازیدا، لە ڕۆنانی فرێز و ڕستەی سادەدا بەکاردەهێنرێن، لە شێوەی پێشبەندێکی ئەرکی هەمیشە لە پێش ناوێک یا فرێزێکی ناویدا دێن و فرێزێکی بەند (PP) پێکدەهێنن. فرێزی بەند وەکو یەکەیێکی سینتاکسی، بە یارمەتی یەکێک لە ئامرازە پەیوەندییەکان دروست دەبێت، لەگەڵ کەرەسەیەکی تر، کە دەبێتە تەواوکەری ئامرازە پەیوەندییەکە. فرێزی بەند بەوە دەناسرێتەوە کە سەرە (کەرەسە زاڵەکە) ئامرازێکی پەیوەندییە و حوکمی هەموو کەرتەکانی تری فرێزەکە دەکات، بە واتایەکی تر هەموو کەرتەکانی فرێزی بەند دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئامرازی پەیوەندی، چونکە ئامرازەکە سەرەی فرێزەکەیە. لە فرێزی بەندیدا، پەیوەندی نێوان سەرە و تەواوکەرەکەی پەیوەندی حوکمکردنە، چونکە لەم جۆرە فرێزەدا، کە سەرە ئامرازی پەیوەندییە حوکمی هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی تری فرێزەکە دەکات. ( Fattah, 1997: 190 ) لە زمانی کوردیدا شوێنی سەرەی فرێزی بەند جێگیرە و ناگۆڕێت، لەبەرئەوەی هەمیشە سەرە (ئامرازی پەیوەندی) لە سەرەتای فرێزەکە دێت و دەکەوێتە پێش تەواوکەرەکەی. یاسای دروست بونی فرێزی بەند لە زمانی کوردی بەم شێوەیەیە:

فرێزی بەند (PP). ئامرازی پەیوەندی (P) + تەواوکەر (Complement)

بۆ نمونە: بەفر لە شاخەکان دەبارێت. فرێزی بەند ئ.پ (لە) + تەواوکەر (شاخەکان)

لە تیۆری (X-bar)دا، فرێزی بەند لە هێڵکاری درەختی بە (PP) شیدەکرێتەوە، بەم شێوەیە:




## ئەرکی سینتاکسی فرێزی بەند لە ڕستەی سادەدا:

سادەترین ڕستە لە زمانی کوردیدا، لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (فرێزی ناوی NP ، فرێزی کاری VP) ن، بەشێوەیەکی گشتی فرێزی ناوی، کە لە (ناو ، جێناو) پێکهاتووە، وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕستەدا ئەرکی بکەر دەبینێت، بەڵام فرێزی کاری وەکو بەشی دووەم لە پێکهاتەی ڕستەدا، کار و هەموو ئەو کەرسانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەشی کارەوە هەیە و بەشداری دەکەن لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، وەکو (بەرکار/ بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، تەواوکار، سەربار). سەبارەت بە فرێزی بەند (PP)، کە لە ئامرازێکی پەیوەندی و تەواوکارێک پێکدێت، لە ناو پێکهاتەی ڕستەی سادەدا سەر بە بەشی کارە و پەیوەندی بە فرێزی کارییەوە هەیە، کەواتە فرێزی بەند لە چوارچێوەی فرێزی کاریدا ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی دەبینێت و بەشداری لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا دەکات، (( چونکە فرێزی پێشناوی لە ڕوی سینتاکسییەوە پەیوەندیی لەگەڵ کرداردا هەیە و لە ڕوی واتاشەوە زانیاری لەسەر کردارەکە دەدات. )) ( مەعروف، ٢٠١٠: ٦٩ ) شوێنی فرێزی بەند لە ناو ڕستە جێگیر و دیاریکراو نییە، چونکە بە پێی ئەو ئەرکەی کە دەیبینێ، دەگۆڕێت، واتا دەتوانێ لە پێش کار یان دواى کار بێت و زانیاری و ڕونکردنەوەی زیاتری واتایی کار بخاتە ڕو لە بارەی (کات، شوێن، هۆ، چۆنییەتی ...) ڕودانی کاری ڕستەکە. بە شێوەیەکی

گشتی فرێزی بەند لە ڕستەی سادەدا ئەم ئەرکە سینتاکسییانە دەبینێت:

### ١.تەواوکار Complement:


تەواوکار ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە، (( کە لەگەڵ کاردا دێن و ڕستە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایەکی تەواوی پێ دەبەخشن. )) ( ڕەسول، ٢٠٠٦: ٣٨ ) واتا وەکو بەشێکی سەرەکی ڕستە سەر بە بەشی فرێزی کردارییە، هەندێجار کردار ناتوانێ بە تەنها ئەرکی ڕێزمانی و واتایی خۆی جێبەجێ بکات لە ناو ڕستەدا، بۆیە داوای کەرەسەیەکی تر دەکات، وەکو تەواوکار بۆ تەواوکردنی واتای کاری ڕستەکە. تەواوکار کەرەسەیەکی سەرەکی و بە خورتییە لە پێکهاتەی ڕستەدا، واتە ناتوانرێ لابرێ یان بکرتێنرێ، چونکە کار لە پێکهاتەی ڕستەکە دەکات و دەیکات بە ڕستەیەکی نادروست لە ڕوی ئەرکی ڕێزمانی و واتاییەوە، هەروەها لابردنی دەبێتە هۆی گۆڕانی ناوەرۆکی واتای کار و ڕستەکە. فرێزی بەندیش وەکو یەکەیەکی سینتاکسی، لە ناو ڕستەدا ئەرکی تەواوکار دەبینێت و واتای فرێزی کاری ڕونتر و فراوانتر دەکات. فرێزی بەند لەناو ڕستەدا، وەک تەواوکار ئەم ئەرکانە دەبینێ:

**أ. بەرکاری ناڕاستەوخۆ Indirect Oject:**

کەرەسەیەکی سینتاکسییە، بەیارمەتی یەکێک لە ئامرازە پەیوەندییەکان دروست دەبێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری فرێزی کاری، واتای فرێزی کاری تەواو دەکات. (( جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دروستەی ( X-bar) ی فرێزی بەندیدا لەگەڵ سەری فرێزەکەدا (ئامرازی پەیوەندی) دەکەوێتە ژێر نۆدی/گرێی p- یەوە. بە پێی وەچەتیۆری حوکمکردن و دۆخی ڕێزمانی لە فرێزی بەندیدا، ئامرازەکە حوکمکەری وەچەپێکهاتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکات و دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی پێدەبەخشێت، چونکە سەری (PP) یە. )) ( مەجید، ٢٠١٦: ١٠٠ ) بۆ نمونە:

هیوا گوڵێکی <u>بە دایکی</u> دا.

من پێنوسەکەم <u>بە هاوڕێکەم</u> دا.





**ب . تەواوکاری گوزارەیی predicate complement:**

کەرەسەیەکی سینتاکسییە، لە ناو ڕستەدا لە بەشی گوزارە بەدەردەکەوێت، هەندێجار فرێزی بەند (PP) ئەرکی تەواوکاری گوزارەیی دەبینێ و دەبێتە کەرەسەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕستەکەدا. (( تەواوکاری گوزارەیی لە قالبی فرێزی بەند دەردەکەوێت وەکو ئاوەڵکارەکان، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئاوەڵکارەکان لەوەدایە، کە کەرەسەیەکی سەرەکین و ناتوانرێ لابدرێ لە ڕستەدا بە مەبەستی وزە پاراستن، چونکە واتای ڕستەکە تێک دەچێت. )) ( حەسەن، ٢٠١٥: ٨٧ ) بۆ نمونە:

نیگا بوو <u>بە وێنەکێش</u>.


من هیوا <u>بە پیاو</u> دەزانم.




### ٢.سەربار Adjunct:

سەربار کەرەسەیەکی سینتاکسی ئارەزومەندانە (لاوەکی)یە لە پێکهاتەی ڕستەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی ڕستەوە هەیە، دەتوانرێ لە ڕستە لابرێت، بەبێ ئەوەی کار لە پێکهاتەی سینتاکسیی ڕێزمانی و واتایی بکات. فرێزی بەند یەکێکە لەو کەرەسانەی کە دەتوانێ لە ناو ڕستەدا، ئاوەڵکار ئاسا ئەرکی سەربار ببینێ و فرێزی کاری فراوان بکات، زانیاری و ڕنکردنەوەی زیاتری لە بارەی (کات، شوێن، چۆنیەتی ...) ڕوودانی کاری ڕستەکە پیشاندەدات. (( سەربار تەنیا بار و مەرجی ڕوداوەکە، یان بارەکە دەردەخات و لە ڕوی واتاوە گرنگی نییە، چونکە ڕستەکە بەبێ ئەویش هەر تەواوە. )) ( فەرهادی، ٢٠١٣: ٢٩ ) بۆ نمونە:

منداڵەکە <u>بە خێرای</u> ڕۆیشت.         منداڵەکە ڕۆیشت.



## ڕۆڵە واتاییەکانی فرێزی بەند لە ڕستەی سادەدا:

ئاستی واتا یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی زمان، بەوەی هەر کەرەسەیەکی زمانی، کە لە پێکهاتەی ڕستەدا بەشداری دەکات، جگە لە ئەرکە ڕێزمانییەکەی دەبێت ڕۆڵی واتایشی هەبێت ئەگینا لە پێکهاتەی ڕستە جێی نابێتەوە، چونکە ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناتەواو لە ڕوی واتاوە. بەم شێویە (( هەر ڕستەیەک دو دیوی هەیە، یەکێکیان فۆرمەکەیەتی، کە دەبێت کەرەسەکانی بەشێوەیەکی ڕێزمانی ڕیزکرابن، دیوەکەی تریشی واتاییە، کە دەبێت لەم ڕووەشەوە، لەگەڵ فەرهەنگی ئاوەزیی و واقیعی جیهانی دەرەوە گونجاو بێت. )) ( مستەفا، ٢٠١٤: ٣٣ ) لە ڕیزمانی نوێدا، بە تایبەت لە تیۆری ثێتا/ ڕۆڵی بابەتانە، گرنگییەکی زۆر دراوە بەلایەنی واتایی کەرەسەکانی زمان لە ڕستەدا، بە تایبەت پێدانی ڕۆڵی واتایی بە ئارگومێنتەکان لە لایەن کردار (پریدیکەیت) ەوە. (( پرۆسەی گواستنەوەی ڕۆڵە واتاییەکان بۆ ئارگومێنتەکان لە لایەن کردارێکەوە پێی دەوترێ (نیشانەکردنی واتایی . Theta marking). )) ( محەمەد، ٢٠٠٩: ٩٣ ) فرێزی بەندیش لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی فرێزی کاری ئەرکە ڕێزمانییەکانی دەبینێ، بەهەمان شێوە وەکو ئارگومێنتەک لە لایەن کردارەوە ڕۆڵی واتایی پێدەدرێ. بەم شێوەیە:

١.ڕۆڵی واتایی ئامێر Instrument:

ئەم ڕۆڵە واتاییە، ئەو فرێزە بەندە دەگرێتەوە، کە لە ڕستەدا ڕۆڵی ئامێر دەبینێت و کردارێکی پێ ئەنجام دەدرێت. واتە (( ئارگۆمێنتێکە بە هۆیەوە کردارێ ئەنجام دەدرێ. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ١٢٧ ) ئەو فریزە بەندانەی کە ڕۆڵی ئامێر دەبینن، بە هۆی ئامرازی ( بە ) و ناوێکی بێ گیان/ بێ هۆش دروست دەبن، وەک (بە کلیل، بە پێنوس، بە چەقۆ ... هتد.) ئەم فرێزە بەندانە لە ڕستەی سادەدا، وەکو کەرەسەیەکی زمانی (ئارگۆمێنتەک) ڕۆڵی ئامێر دەبینن، بۆ ڕودان و بە ئەنجام گەیاندنی کارێک. بۆ نمونە:

من نامەکەم بە پێنوس دەنوسم.

٢.ڕۆڵی واتایی شوێن ( Locative ):

ڕۆڵی واتایی شوێن ئەو فرێزە بەندانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە شوێنی ڕودانی کارێک دەکەن، واتە ئەو شوێنە نیشاندەدەن، کە کارا کارەکەی لێ ئەنجام دەدات. ئەم فرێزە بەندانە (( بە هۆی پێشناوەوە ڕۆڵە بابەتانەکەی تێدا بەدەردەکەوێ. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ١٢٥ ) بۆ نمونە:

شوان مەڕەکانی لە دەشت دەلەوەڕێنێ.

٣.ڕۆڵی واتایی ئامانج/ کۆتا مەبەست Goal:

ئەم ڕۆڵە واتاییە بەو کەرەسە (فرێزە بەندە) یە دەدرێت، کە ئامانجی جوڵەی کارێک و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە پیشاندەدا لە لایەن کاراوە. واتە ڕۆڵی واتایی ئامانج (( بە ڕۆڵی کەرەسەیەک دەوترێت، کە ئاراستەی کردارەکە بۆ لای ئەو بێت، جا ئەگەر کردارەکە ئیرادی بێت، یان لائیرادی، ئەبستراکت بێت، یان بەرجەستە، ئەو کردارە کۆتایی هاتبێت یان نەهاتبێت. )) ( محەمەد، ٢٠٠٩: ٩٧ ) بۆ نمونە:

ئەو بۆ دکتۆرا دەخوێنێت.

٤.ڕۆڵی واتایی سەرچاوە Source:

واتای سەرچاوە، بەو فرێزە بەندانە دەدرێت، کە شوێنێک دەستنیشاندەکەن و دەبنە خاڵی دەستپێکردنی کارەکە، (( ئەم خاڵەش یان باسە، یان بارە، یان شوێنە. )) ( سەعید، ٢٠٠٩: ٢٨ ) ئەو فرێزە بەندانەی، ئەم ڕۆڵە واتاییە دەبینێ بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (لە) لەگەڵ تەواوکارەکەی، کە بەزۆری ناوێکی شوێنی، یان ئاوەڵکارێکی کاتییە دروست دەبێت. بۆ نمونە:

لە سۆرانەوە بەرەو کۆیە بەڕێکەوتم.

لە دوێنێوە زۆر دڵخۆشم.

٥.ڕۆڵی واتایی سودمەندی Benefactive:

ئەم ڕۆڵە واتاییە، (( بەو کەرەسەیەی ڕستە دەوترێ، کە سود لە ڕودا و یان کارێک وەردەگرێت. کاتێک کارتێکراو بە شێوەی ئەرێنی کاریگەری دەکەوێتە سەر و پێیدەڵێن سودمەندی. )) ( مستەفا، ٢٠١٤: ٣٥ ) ڕۆڵی واتایی سودمەند لە ڕستەدا، بە زۆری بەهۆی فرێزی بەندەوە پیشاندەدرێت. ئەو فرێزە بەندانەی کە ئەم ڕۆڵە دەبینن، بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (بە، بۆ) لەگەڵ فرێزێکی ناوی دروست دەبن. بۆ نمونە:

نوسەرەکە کتێبەکەی بە مەریوان بەخشی.

سەرۆکی حکومەت بڕە پارەیەکی بە زانکۆ بەخشی

٦.ڕۆڵی واتایی کات Temporal:

ڕۆڵی واتایی کات، بەو کەرسە/ ئارگۆمێنتانە دەدرێت، کە لە ڕستەدا ئاماژە بە کاتی ڕودانی کارەکە دەکەن. فرێزی بەندیش وەکو ئارگومێنتەک دەتوانێ ئەم ڕۆڵ واتاییە ببینێ و کاتی ڕودانی کاری ڕستە دەستنیشان بکات. بۆ نمونە:

من لە شەودا کتێب دەخوێنمەوە.

٧.ڕۆڵی واتایی ڕێڕەو Path:

(( ڕێڕەو ئارگۆمێنتەکە، کەوا لە سەرچاوەوە ئاراستەکەی وەردگرێ و بەرەو ئامانج دەڕوا. )) ( قادر، ٢٠٠٩: ١٢٨ ) فرێزی بەند ئەم ڕۆڵە واتاییە دەبینێت، کە ئاماژە بە جوڵەی ڕێڕەوێک یان ڕێگایەک دەکات لەسەرچاوەوە بەرەو ئامانج. ئەو فرێزە بەندانەی ئاماژە بەم ڕۆڵە واتاییە دەکەن، (( مەرجە هەر نازیندو بێت. )) ( سەعید، ٢٠٠٩: ٣١ ) بۆ نمونە:

من لە سۆرانەوە (سەرچاوە) بە هەنارەدا (ڕێڕەو) دەچم بۆ کۆیە.

8.ڕۆڵی واتایی هاوڕێیەتی Comitative:

(( دۆخی هاوڕێیەتی ئەوە بە دیاردەخات، کە دو گیانلەبەر (Entities) لە کارێک یان ڕوداوێک بەشداری دەکەن. )) ( سەعید، ٢٠٠٩: ٢٩ ) ئەم ڕۆڵە واتاییە لە زمانی کوردیدا بەهۆی ئامرازی پەیوەندی (لەگەڵ) دروست دەبێت، کە دو ناوی مرۆڤ یان گیانلەبەرانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و واتای هاوڕێیەتی پیشاندەدات. بۆ نمونە:


. بارزان لەگەڵ مەریوان یاری دەکات.

## ڕۆڵە سینتاکسی و سیمانتیکییەکانی ئامرازی خستنەسەر/ دانەپاڵ لە ڕستەی سادەدا:

ئامرازەکانی خستنەسەر، وەکو کەرەسەیەکی سینتاکسی، لە ڕۆنانی فرێزی ناوی فراوانکراو، فرێزی دیارخەریدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەوەی کەرەسەی دیارخەر بە دیارخراو دەبەستێتەوە، پەیوەندی ڕێزمانی و واتایی لە نێوانیاندا دروستدەکات. فرێزی دیارخەریش یەکێکە لە فرێزە ئەرکییەکان، کە لە تیۆری (X-bar) دا، هەمیشە سەرەکەی (ئامرازێک، یان نیشانەیەک)ە. ئامرازەکانی خستنەسەر (- ی، - ە)، دەتوانن ئەرکی سەرەی ڕێزمانیی فرێزی دیارخەری DP ببینن و ببنە کەرەسەی بە دەسەلات، دۆخی ڕێزمانی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە تەواوکارەکانیان بدەن. ئامرازی خستنەسەر، لەگەڵ بەستنەوەی دیارخەرو دیارخراو بە یەکترەوە، فرێزێکی دیارخەری (Determiner phrase - Dp) پێکدێنن، کە ئامرازەکە (( گرنگترین بەشی فرێزەکە Dیە، چونکە سەرەیە. )) ( ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٤٨ ) لە تیۆری ئێکسبارډا (X-bar) فرێزی دیارخەری، لە هێڵکاریی درەختیدا بە (Dp) شیدەکرێتەوە.

قوتابی قوتابخانە هات.

دیوانی نالی دەخوێنمەوە.




## ئەرکی سینتاکسی فرێزی دیارخەری لە ڕستەی سادەدا:


فرێزی دیارخەری وەکو فرێزێکی ئەرکی، لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، دەتوانێت چەند ئەرکێک ببینێت و لە جێکەوتەی جیاوازدا دەربکەوێت، بە شێوەی:

١.بکەر Subject:

بکەر یەکێکە لە دو پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕستە. فرێزی دیارخەری دەتوانێ ئەرکی بکەری ببینێت، ببێتە کەرەسەیەکی سەرەکی/ بنجی. بەم شێوەیە، لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا فرێزی DP وەکو ناوێک یان فرێزێکی ناوی جێکەوتەی بکەر پڕدەکاتەوە، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێک. بۆنمونە:

باوکی ئازاد هات.

کوڕی تۆ بە یەکەم دەرچو.





٢.بەرکار Object:

لە ڕستەی سادەدا، ئەگەر کاری ڕستەکە لە ڕوی هێزەوە تێپەڕ بوو، ئەواو بەرکار وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە دێت و دەبێتە بەشێک لە فرێزی کاری VP. بەرکار (( کەرەسەیەکی سەرەکییە، کە لە دروستەی ڕستەدا بەشی کردارەکە تەواودەکات و ئەرکی کردارەکەیشی دەکەوێتە سەر، بۆیە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی فرێزی کرداریدایە، بەمەش بەرکار وەک جێکەوتەیەکی سەرەکی بەشداری لە فراوانکردن و تەواوکردنی کرداردا دەکات. )) ( برزو، ٢٠٢٠: ٨٣ ) فرێزی دیارخەری لە ڕستەی سادەدا دەتوانێت ئەرکی بەرکاری ببینێت و ببێتە بەشێک لە فرێزی کاری ڕستەکە. بۆ نمونە:

من باوکی ئازاد دەنێرم.


بارزان ڕۆمانی کوردی خوێندەوە.




٣.تەواوکاری بەیاریدە:

فرێزی بەند لەسەرەیەک/ئامرازی پەیوەندی و تەواوکارێک پێکدێت. لە زمانی کوردیدا دەکرێ جێکەوتەی تەواوکار لە فرێزی بەندیدا، بە فرێزەکی دیارخەری پڕبکرێتەوە، واتە فرێزی DP دەبێتە تەواوکاری سەرەی فرێزی بەند PP، لە ڕستەی سادەدا هەمان ئەو ئەرکە دەبینێت کە فرێزی بەند بینیویەتی، بۆ نمونە:

هیوا بوو بە مامۆستای زانکۆ.




**رۆڵە واتاییەکانی فرێزی دیارخەری لە ڕستەی سادەدا:**

فرێزی دیارخەری وەکو هەمو جۆرەکانی تری فرێز، جگە لەو ئەرکە سینتاکسییانەی کە ئاماژەمان پێکرد، لە چوارچێوەی ڕستەی سادەدا، چەند رۆڵێکی واتایی دەبینێ، بەم شێوەیە:

١.رۆڵی واتایی کارا Agent:

(( کارا ئەو ئارگومێنتەیە، کە کارێک ئەنجام دەدات. )) ( رەسوڵ، ٢٠١٢: ١١٢ ) فرێزی دیارخەری لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، رۆڵی واتایی کارا دەبینێت و وەکو دۆخێکی زیندو (Animate) هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە.

بۆ نمونە:

مامۆستای زانکۆ وتارەکەی پێشکەش دەکات.

٢.رۆڵی واتایی کارتێکراو Patient:

فرێزی دیارخەری لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، دەتوانێت رۆڵی واتایی کارتێکراو ببینێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری کاری ڕستەکەوە. رۆڵی واتایی کارتێکراو لە ڕستەی سادەدا بەرامبەر بەرکار ڕاستەوخۆ دەوەستێت، (( بەزۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دێت، کە توانا و ئامادەبونێکی گەورەی تێدایە، تا لە ڕستەی بکەر نادیاردا شوێنی کارا بگرێتەوە. )) ( سەعید، ٢٠٠٩: ٢٥ ) بۆ نمونە:

زانکۆ خوێندکاری زیرەک خەڵات دەکات.

دایکەکە (کارا) منداڵەکەی (کارتێکراو) خەواند.

منداڵەکە (کارا) خەوێندرا.

٤.رۆڵی واتایی شوێن Locative:

فرێزی دیارخەری لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، رۆڵی واتایی شوێن دەبینێت. بۆ نمونە:

شاری سلێمانی پایتەختی رۆشنبیرییە.

دەشتی هەولێر خاکێکی بە پیتی هەیە.

٥.رۆڵی واتایی سودمەندی Benefactive:

فرێزی دیارخەری لە پێکهاتەی ڕستەی سادەدا، رۆڵی واتایی سودمەندی دەبینێت. بۆ نمونە:

سەرۆکی حکومەت خوێندکارە یەکەمەکانی دامەزراند.

**ئەنجامەکان:**

١. ئامرازەکانی بەستنەوە لە روی پێکهاتنەوە خاوەن فۆرمی سەربەخۆن، بەڵام لە روی واتاوە یەکێکن لە بەشەئاخاوتنە بێ واتاکانی زمان، کە بە تەنها واتادار و سەربەخۆ نین، بەڵکو بە وشەی خزمەتکار ناسراون و لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکییان بە دیاردەکەوێت.

٢. ئامرازەکانی بەستنەوە بەپێی تیۆری ئێکسبار هەمیشە ئەرکی سەرەی فرێز دەبینن، ئامرازی پەیوەندی دەبێتە سەرەی فرێزی بەند، ئامرازی خستنەسەر دەبێتە سەرەی فرێزی دیارخەری.

٣. ئامرازی پەیوەندی (ە) بەشێوەیەکی ناسەربەخۆ لە ڕستەدا بەدیاردەکەوێت و ئەرک دەبینێت، سیمایەکی لکاوی هەیە و هەمیشە بە کۆتایی کاری ڕستەوە دەلکێت.

٤. ئامرازی خستنەسەری (ی) ئەرکی خاوەنداری دەبینێت، لە تیۆری ئێکسباردا وەکو سەرەی فرێزی دیارخەری دۆخی ڕێزمانی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە دیارخراو دەدات.

5. ئامرازەکانی بەستنەوە بە پۆلێکی سینتاکسی و سیمانتیکی گرنگ دادەنرێت لە زمانی کوردیدا، کاتێك کە رۆڵ دەدات بە ناوەێك یا فرێزێکی ناوی چەندین رۆڵی جیاواز دەبینێ لە ڕستەی زمانی کوردیدا.

**سەرچاوەکان:**

1. برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل- تاران، ئێران.

2. حاجی مارف، ئەورەحمانی (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم– ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

3. حەسەن، شوان حەیدەر (٢٠١٥)، رۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین . هەولێر.

4. رسول، صلاح حویز (٢٠٠٦)، ڕستەسای و واتاسازیی (بوون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

5. رەسوڵ، خەسرۆ ئەحمەد (٢٠١٢)، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە روانگەی دەسەڵات وبەستنەوە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

6. رەسوڵ، سەلاح حەویز (٢٠١٤)، پرەنسیپی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەو بچوکترین پرۆگرامدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

7. سەعید، یوسف شەریف (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

8. شوانی، رەفیق محەمەد محێدین (١٩٩٧)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی (ابن رشد)، زانکۆی بەغدا.

9. فەرهادی، ساجیدە عبداللە (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

10. قادر، تارا موحسین (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. قادر، سباح ڕەشید (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
12. کۆڕی زانیاری کوردی (٢٠١٨)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستانی، سنە.
13. محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
14. محەمەد، هیدایەت عبداللە (١٩٩٣)، پێشپرتک و پاشپرتک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەداب، زانکۆی سەلاحەددین.
15. مستەفا، شادیە سالح (٢٠١٤)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی فەرهەنگی _ ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
16. مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمرۆیان لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
17. میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
18. مەجید، ئارام ڕەشید (٢٠١٦)، دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
19. مەحویی، محەمەد (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
20. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
21. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
22. Black, Cheryl A (1998), A Step–by–Step introduction to the Government and Binding Theory of syntax, SIL – Mexico Branch and University of North Dakota.
23. Chomsky, Noam (1981), Lecture on Government and Binding, Library of cataloguing – in – publication Data, Berlin.
24. Chomsky, Noam (1986), Knewledge: Its Nature, origin, and Use, praeger, New yourk.
25. Crystal, David (1992), An Encyclopedic Dictionary of language and languages, first published in USA, Oxford: Blackwell publishing.
26. Fattah, M.M (1997) A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Dissertation, University of Amsterdam.
27. Kornal, Andras and Pullum, Geoffrey K (1990), the X-bar Theory of phrase structure, Language 66 (I).